# زمانت بەردەوام پاراو بێت بە زیکر ویادی الله

له عبد الله ی کوڕی بوسرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا !شەریعەتەکانی (فەرمانەکانی) ئیسلام لە سەرمان زۆر بوون، فەرمانێکمان پێ بڵێ کە دەستی پێوە بگرین و هەموو کردەوەیەکی خێری تێدا بێت؟ فەرمووی: «زمانت بەردەوام پاراو بێت بە زیکر ویادی الله». وله گێڕانەوەیەکدا: لە فەرموودەی موعازی کوڕی جەبەل -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دوایین شت کە لەسەری پێغەمبەری خودام جێهێشت -صلی الله علیه وسلم- ئەوە بوو کە ووتم: چی کردەوەیەك خێرترینە ونزیکترمان دەکاتەوە لە الله؟ فەرمووی: «ئەوەیە بمریت و زمانت پاڕاو بێت بە زیکر ویادی الله -عَزَّ وَجَلَّ-».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه أحمد والترمذي وابن ماجه وابن حبان)]

پیاوێك سکاڵای هێنا بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەوەی پەرستنە سونەتەکان زۆر بوون لەسەری هەتا وای لێهاتووە ناتوانێت ئەنجامیان بدات بەهۆی لاوازبوونی، پاشان پرسیاری لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد بۆئەوەی ڕێنیشاندەری بێت بۆ کردەوەیەکی ئاسان کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی خێری زۆر ودەستی پێوە بگرێت. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنموێنی کرد بەوەی زمانی بەردەوام شێدار وجوڵاو بێت بە یادکردنی الله -سبحانه وتعالی- لە هەموو کات وحاڵێکدا؛ ئەمیش بە ووتنی (سبحان الله والحمد لله واستغفر الله) ونزاکردن وزیکرەکانی تر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66541

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee